Project Shafafiyat

# هێرشی دەستدرێژیکارانەی ڕوسیا دژی ئوکراینا

Project Shafafiyat

# ناوەڕۆك


1. هۆکاری شەڕی دەستدرێژیکارانەی ڕوسیا بۆ سەر ئوکراینا
2. ڕوسیا و یەکگرتوویی خاکی ئوکراینا
3. هەڕەشە بۆ ئاساییشی ڕوسیا ؟
4. ڕوسیا وەکو ئیمپراتۆرییەکی کۆلۆنیال
5. ئوکراینییەکان و سەربەخۆیی
6. لە جەنگی تێکەڵاوەوە (هیبرید) بۆ جەنگی داگیرکاری – ڕاستییە سەرەتاییەکان
7. درۆکانی ڕوسیا
8. تاوانە جەنگییەکانی ڕوسیا
9. ڕوسیا هەوڵ دەدات تاوانەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی ئەوانی ترەوە
10. داگیرکاری و بەڕوسی کردن
11. پۆڵەندییەکان و ئوکراینییەکان
12. ئاشتی
13. شەڕی ئوکراینا و تەکنیکی ڕوسیا بۆ چەواشەکاری
14. هاوکارییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئوکراینا
15. "خزمەتەکانی" پوتین بە ڕوسیا
16. دنیابینی ڕوسیا بۆ جیهان - لوتبەرزی قۆناغێکی پێش رووخانە

Project Shafafiyat

# هۆکاری شەڕی دەستدرێژیکارانەی ڕوسیا بۆ سەر ئوکراینا

پوتین: "هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت کارەساتێکی نەتەوەیی بوو، کە یەککگرتوویی نەتەوەیی ئێمەی بە زیندوویی هەڵتەکاند"



**بە هەمان شێوە بەریتانییەکان دەیانتوانی هەمان شت لەسەر هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریی خۆیان بنوسن!**

# هۆکاری شەڕی دەستدرێژیکارانەی ڕوسیا بۆ سەر ئوکراینا

- شێوەی ئیمپریالی و کۆلۆنیالیانەی ڕوسیا
- هەوڵی دووبارە بونیادنانەوەی ئیمپراتۆریی لە سنورەکانی سەردەمی سەدەی نۆزدەهەم
- نەبوونی ڕێز بۆ سەروەریی وڵاتان
- چیرۆکی ساختە

Project Shafafiyat

# ڕوسيا و يەكگرتوويى خاكى ئوكراينا

كاتێك يەكێتى سۆڤيەت هەڵوەشايەوە لە ساڵى ١٩٩١، ڕوسيا هيچ دژكارييەكى نەبوو بەرانبەر خاكى ئوكراينا.



لە ساڵى ١٩٩٤ ڕوسيا گەرەنتى يەكگرتوويى خاكى ئوكرايناى دا لەپاى بەدەستەوەدانى ئارەزوومەندانەى چەكە ئەتۆمييەكانى، كە ئەساكە لەبەر دەستى ئوكراينا بوو.

# ڕوسیا و یەکگرتوویی خاکی ئوکراینا

تا ساڵی ٢٠١٤ هیچ جوداخوازییەک لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ئوکراینا نەبوو، نیمچە دوورگەی کریم-یش دۆخی ئۆتۆنۆمی وەرگرت لەچوارچێوەی لێکتێگەیشتنی ساڵی ١٩٩١




جوداخوازی لە ئوکراینا بەشێوەیەکی دەستکرد دروستکرا وەکو فاکتەرێکی سیاسەتی ئیمپیریالی ڕوسی .

# جوداخوازی لە ئۆکرانیا لەکوێوە سەری هەڵدا؟

ئوکراینییەکان ئازادی و دیمۆکراتیان دەویست. ئوکراینییەکان دەیانخواست لەگەڵ یەکێتی ئەوڕووپا یەکبگرن. هیچ ئاسۆیەک نەبوو بۆ ئوکراینا بۆ چوونە ناو هاوپەیمانی ناتۆ.



ڕوسیا بڕیاری دا ئوکراینا سزا بدات !


Project Shafafiyat

Project Shafafiyat

# ”سۆتنیای ئاسمانی„

لەنێوان دیسێمبەری ٢٠١٣ تاوەکو فبرایەری ٢٠١٤ هێزە ئوکراینییەکانی سەر بە دیکتاتۆر ڤیکتۆر یانوکۆڤیچ ١١٠ کەسیان کۆمەڵکوژ کرد کە لە سەنتەری کییڤ خۆپیشاندانیان دەکرد

ئوکراینییەکان یانوکۆڤیچ-یان وڵاتبەدەرنا، ئەویش ڕایکرد بۆ ڕوسیا



**ڕوسیا بڕیاری دا تۆڵەبکاتەوە و نیمچە دوورگەی کریم داگیربکات و هەروەها یاخیبوونی جوداخوازانی لە ڕۆژهەڵاتی ئوکراینا ڕێکخست !**

# هەڕەشە بۆ ئاسایيشی ڕوسیا ؟

- نە ئوکراینا نە هیچ وڵاتێکی دیکە هیچ هۆکارێکیان نەدایە دەست ڕوسیا بۆ ئەوەی مەترسی بۆ سەر ئاسایيشی وڵاتەکەی هەبێت.
- هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥ هیچ لایەنێک پەلاماری ڕوسیای نەداوە، کەچی خۆی گەلێک جار پەلاماری ئەوانی تری داوە.
- لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت پۆڵەندای داگیرکردن لە ساڵانی ١٩٤٥ – ١٩٩٣، پەلاماری هنگاریای دا لە ساڵی ١٩٥٦ و لە سالی ١٩٦٨ سلۆڤاکیا، جگە لە داگیرکردنی ئەفغانستان و هەروەها زۆر پەلاماری دیکەی ئیمپریالی و داگیرکاری دیکەش.

# THE EXPANSION OF THE RUSSIAN EMPIRE, 1613-1914



# ڕوسیا وەکو ئیمپراتۆرییەکی کۆڵۆنیال

- ڕوسیا بەدرێژایی مێژووی خۆی نەتەوەکانی دیکەی داگیرکردووە و چەوساندوەتەوە
- ئەوروپای ناوەڕاست لەوانە پۆڵەندا و ئوکراینا، بۆ ماوەیەکی درێژ لە لایەن ڕوسیاوە داگیرکراون
- لەگەڵ ئەو ستەمانەی کە لێیان کراوە، ئەو وڵاتانەی کە لەژێر ستەمی ڕوسیاوە خۆیان ڕزگارکرد، هەوڵیان دا پەیوەندی چاك دروست بکەن لەگەڵی، بەڵام ڕوسیا بایەخی بەوە نەدا.
- ناوچە ناڕوسییەکانی ڕوسیا وەکو بوریاچیا، چیچان، تاتارستان، کاومۆچیا، هەموو کۆلۆنیای ڕوسین.



Project Shafafiyat

# ڕوسیا وەکو ئیمپراتۆرییەکی کۆڵۆنیال
# (شەڕ لەگەڵ موسوڵمانەکان )

- داگیرکردنی نیمچە دوورگەی کریم لە سەدەی هەژدەهەم
- داگیرکردنی قەوقاز لە سەدەی نۆزدەهەم
- شەڕی چیچان لە سەدەی بیستەم
- پەلاماردانی جۆرجیا لە سەدەی بیست و یەک
- ڕاوەدوونانی موسوڵمانان لە ڕوسیا –لە مۆسکۆ کە ژمارەی موسوڵمانان خۆی لە دوو ملیۆن و نیو موسوڵمان دەدات، تەنها چوار مزگەوت هەیە .






# ڕوسیا و دیکتاتۆرەکان

- ڕوسیا مێژووەکی دوور و درێژی هەیە لە پشتیوانی کردنی دیکتاتۆرەکان
- ڕوسیا پشتیوانی سەدام حوسێنی کرد تا دوای ساتی ڕووخانی، ئەمڕۆش سود لە دڕۆنی ئێرانی وەردەگرێت دژی ئوکراینا.
- پوتین بەراوردی پەلامارەکەی خۆی بۆ سەر ئوکراینا بە داگیرکردنی عێراق کرد لە لایەن ئەمریکاوە، هەر خۆشی دانی بەوە نا کە ئەوە کارێکی نەشەرعییە.

# ئوکراینییەکان و سەربەخۆیی

لە ڕایفراندۆمی سەربەخۆیی ئوکراینا، ٩٠٪ دەنگیان بە بەڵێ دا، کە ڕێژەی بەشداریکردن بریتی بوو لە ٨٤٪. لەناوچە داگرکراوەکانی ئێستا لە لایەن ڕوسیاوە، هەریەک لە هەرێمەکانی لوگانسک ٨٤٪ و هەرێمی دۆنیێچک ٧٧٪ و هەرێمی خێرسۆن ٩٠٪ و لە کریم ٥٤٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا.

1991 Ukrainian Independence Referendum by Region
31,891,742 VOTES — 92.3% APPROVED




Source: Data from Verkhovna Rada (Supreme Council) of Ukraine and the State Archival Service of Ukraine

Project Shafafiyat

# له جەنگی تێکەڵاوەوە (هیبرید) بۆ جەنگی داگیرکاری – ڕاستییە سەرەتاییەکان

- ڕوسیا پەلاماری ئوکرایینای دا لە ساڵی ٢٠١٤ و لەو کاتەوە شەڕ هەیە.
- ٢٤ ی فبرایەری ٢٠٢٢ ڕوسیا دەستی کرد بەداگیرکاری ئوکراینا بە شێوەیەکی سەرتاسەری.
- ئوکراینا هیچ داوایەکی بۆ خاکی ڕوسیا نیە و نایەوێ دەسەڵاتی ڕوسیا بگۆڕێت و ناخوازێت دەستوەرداتە کاروباری ناوخۆی.
- لە هەمان کاتدا ڕوسیا ئەو مافە بۆ خۆی قۆرخ دەکات.

**بە چ حەقێک؟**

Project Shafafiyat

# درۆیەکانی ڕوسیا

هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵێك درۆی ڕوسی یاوەریی داگیرکارییەکە دەکەن:

- ڕوسیا پێی وایە کە بەرگری لە خۆی دەکات، بەڵام خۆ کەس پەلاماری ئەوی نەداوە.
- ڕوسیا پێی وایە کە شەڕ لەگەڵ ئوکراینییەکان ناکا، بەڵکو لەگەڵ ڕژێمێک، بەڵام کێشە لەوەدایە کە ئەو ڕژێمە لە لایەن خەڵکی ئوکرایناوە هەڵبژێردراوە لە هەڵبژاردنێکی دیمۆکراتی.
- ڕوسیا پێی وایە ئوکراینا هەرگیز بوونی نەبووە، کەچی ئوکراینا کاتێک هەبووە کە ڕوسیا هێشتا سەری هەڵنەداوە.



Project Shafafiyat

# درۆیەکانی ڕوسیا

- ڕوسیا بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕیانە ئەزموونی تاڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاردەهێنێت و سود لە ڕووداوە تاڵەکان وەردەگرێت لەدژی داگیرکارە کۆنەکانی ئەوروپی و ئەمریکا.
- خۆی ئیمپراتۆرییەکی داگیرکارە، بەڵام دەیەوێت خۆی وەکو هێزێکی دژی ئیمپریالی نیشان بدات.
- ڕوسیا پێی وایە کە ئوکراینییەکان برامانن، وەک ئەوەی پێشووتر لەسەر پۆڵەندییەکان وایان دەگوت. بەڵام هیچ زلهێزێک ناتوانێت فەرمان بەسەر نەتەوەیەکی دیکە بکات کە خۆشی بوێت و بەدۆستی خۆی بزانێت و یان وەکو برا و لە هەمان کاتدا هەڕەشەی کوشتنیشی لێ بکات.

Project Shafafiyat

# تاوانە جەنگییەکانی ڕوسیا

- لە مارسی ٢٠٢٢ ڕوسیا کۆمەڵکوژیی ئەنجامدا لە ئاست خەڵکی سڤیل لە ئیرپین و هۆستۆمێل و بوچی.
- لەوێدا ٤٠٠ کەس کۆمەڵکوژکران لەسەر بنەمای لیستی ناوەکان.

**ئەوەش جینۆسایدی بوو! بەڵام تاوانەکان زۆرتر بوون !**


Sinjar
2014
لا إله إلا الله
الله
رسول
محمد
PMC Wagner Group
Группа Вагнера
Bucza
2022

Project Shafafiyat

# تاوانە جەنگییەکانی ڕوسیا

# ڤاگنەرەکان – داعشی ڕوسی

- بەکرێگیراوە ڕوسەکان کە پێیان دەڵێن "ڤاگنەرەکان" قێزەونترین تاوانی دژەی مرۆیی ئەنجام دەدەن، کە خۆیان لە ئاستی تاوانەکانی داعش دەدەن. لەو تاوانانەش کوشتن لەبەر چاوی خەڵکی لە ڕێگەی سەرپان کردنەوە بە چەکوش.
- داعش ویستی بەستی موسڵ بتەقێنێتەوە، ڕوسەکان بەشێکی بەستی نۆڤا کاخۆفچا-یان تەقاندەوە.

**کارە هاوشێوەکان زۆرترن!**

# تاوانە جەنگییەکانی ڕوسیا

# ڕفاندنی منداڵان


- هەروەکو داعش لە عێراق، ڕوسەکان منداڵانی ئوکراینایان ڕفاند بۆ گۆڕینی ناسنامەیان.
- ئەوەش چارەنوسی ٧٠٠ هەزار منداڵی ئوکراینی بوو.
- لەپای ئەو تاوانە گەورەیە، دیکتاتۆری ڕوسی ڤلادیمێر پوتین و هارکارەکەی ماریا لڤۆڤا-بیێڤا لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتی سزادران.

Project Shafafiyat

# تاوانە جەنگییەکانی ڕوسیا

# تۆڵە لە پای شکست

هێرشکردنە سەر خەڵکی سڤیل زێتربوو کاتێک ڕوسیا تێگەیشت کە ناتوانێت کییڤ بگرێت، لە لایەکی تر هێزەکانی ئوکراینا ڕوسیایان لە خیرسۆن بەدەرنا.



**بۆیە ڕوسیا دەستی بەوە کرد کە دەتوانێت بیکات – واتا بەئامانجگرتنی خەڵکی سڤیل !**

Project Shafafiyat

# ڕوسیا هەوڵ دەدات تاوانەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی ئەوانی ترەوە

- تاوانبارکردنی ساختانەی پۆڵەندا بەوەی کە دەیەوێت بەشی ڕۆژئاوای ئوکراینا داگیربکات.
- پێشنیازی گاڵتەجاڕیانە، کە ڕوسیا شەڕ لەگەڵ گرۆپەکەی باندێرا دەکات لە ئوکراینا (باندێرا دژی پۆڵەندییەکان دەجەنگا).
- پۆڵەندا بە پێچەوانەی ڕوسیا، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دراوسێکانی لەسەر بنەمای میتۆدی ئاشتیخوازانە بنیات دەنێت، نەك لەسەر بنەمای توندوتیژی.
- هەوڵی ڕوسیا بۆ تێکدانی دۆخی پەیوەندی نێوان پۆڵەندا و ئوکراینا ناوەستن، بەڵام بێ ئەنجامن.

Project Shafafiyat

# داگیرکاری و بەڕوسی کردن

- ئوکراینا بەهۆی داگیرکارییەکانی سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەم کەوتە ناو سنوری قەڵەمڕەوی ڕوسیا، پۆڵەنداش بەهەمان شێوە ماوەیەک دواتر.
- بەڕوسیکردنی خێرا و سیاسەتی دەرکێشان لە ڕەگوڕیشەی نەتەوەیی لە سەدەی نۆزدەهەم، ئەنجامی هەبوو، بەڵام سنوردار.
- ئەمڕۆ ئوکراینییە ڕوسی زمانەکان بەهەمان شێوەی ئوکراینییەکانی دیکە بەدەست پەلاماری ڕوسیا ئازار دەچێژن.

# پۆڵەندییەکان و ئوکرانییەکان

لە سەرەتای جەنگەوە زێتر لە ١٥ ملیۆن ئوکراینی ئاوارەی وڵاتی پۆڵەندا بوون، کە زۆرینەیان ژن و منداڵ بوون. ڕاستە کە زۆربەیان گەڕاونەتەوە ئوکراینا، بەڵام هێشتا چەند ملیۆنێک ئاوارە لە زۆر وڵاتی ئەوڕوپا پەنایان بردووە.



زۆرترین ژمارەش کە دەکاتە دوو ملیۆن کەس، چاوەڕێی کۆتایی جەنگ دەکەن.

Project Shafafiyat

# ئاشتی لەچاوی ڕوسیا

- لە ئەنجامی پەلامارەکانی ڕوسیا نزیکەی ٢٠٠-٢٥٠ هەزار کەس گیانیان لەدەست داوە، سەدان هەزاری تر بریندارن.
- داخستنی بەندەرەکانی ئوکراینا بووەتە هۆی دروستکردنی کێشەی کەمی خۆراک لە زۆر وڵاتان.
- بۆ ڕوسیا ووشەی ئاشتی واتا خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرجی ئوکراینا، کە دەبێت خۆی بداتە دەست ڕوسیای ئیمپریال و داگیرکار.

# مەرجەکانی ئاشتی

- پاشەکشەکردنی ڕوسیا بۆ سنورەکانی ساڵی ٢٠١٤
- پابەندبوون بە ڕێزگرتن لە سەروەریی و یەکگرتوویی خاکی وڵاتانی دراوسێ.

**ئەوە هیچ داوایەکی گەورە نیە.**

کەس داوای ئەوە ناکا ڕوسیای داگیرکار دابەش بکرێت، کە هەرچەندە ئەوە شتێکی دادپەروەرانەیە، هەروەک چۆن ئیمپراتۆریی بەریتانی و فەڕەنسی هەڵوەشانەوە.

Project Shafafiyat

Project Shafafiyat

# شەڕی ئوکراینا و تەکنیکی ڕوسیا بۆ چەواشەکاری

- هەوڵی چەواشەکردنی ڕاستیەکان و ساختەکردنی شەڕی ئوکراینا، بەوەی شەڕی بە بریکارییە (بە وەکالەت)، شەڕی خۆپارێزی لە بەرانبەر سیاسەتی ئیستفزازیانەی ناتۆ.
- نیشاندانی ئوکراینا وەکو وڵاتێکی خزمەتکاری ڕۆژئاوا، کە کردارەکانی لە ڕێگەی فەرمانی یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ دژی ڕوسیا ئاڕاستە دەکات.

# شەڕی ئوکراینا و تەکنیکی ڕوسیا بۆ چەواشەکاری

- بەهۆی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەوڵی سەرەکیی پڕوپاگەندەی ڕوسی لە هەرێمەکە بە ئامانجی ئەوەیە پەردەپۆشی بکات لە شەڕی نێوان ئوکراینا و ڕوسیای ئیمپریالی.
- تۆمەتی ترس لە ڕوس دەخاتە پاڵ ئەوانەی ڕەخنە لە ڕوسیا دەگرن، بە ئامانجی ئەوەی دروستیی و ڕاستیی دۆکومێنتەکان بخاتە ژێر گومان و پرسیارەوە.

Project Shafafiyat

# هاوکارییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئوکراینا

ئوکراینییەکان هاوکاری ڕۆژئاوایان هەیە، بەڵام هاوکاری ئەوتۆ نەبوون، بە تایبەتی لە سەرەتای جەنگ زێتر سیمبولیانە بوون.

بە هەمان شێوە لە سەرەتای شەڕی داعش هاوکارییەکان بۆ عێراق ئەوتۆ نەبوون.

بەڵام ئەوە مانای ئەوە نەبوو کە ئەوە جەنگی ئیسلامە و داعش نوێنەرایەتی ئیسلام دەکات دژی ڕۆژئاوا و لەدین وەرگەڕاوەکانی ئیرانی.

**داعش هیچ پەیوەندی بە بەرگری کردن لە ئیسلام نەبوو، هەروەک ڕوسیا هیچ پەیوەندی نیە بە ئازادی و دژی ئیمپریالیزم.**

# "خزمەتەکانی" پوتین بە ڕوسیا

- کۆمەڵگەی ئوکراینی و وڵاتانی ڕۆژئاوای یەککخست
- ڕێخکراوی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی ناتۆی فراوانکرد بە ئەندامێتی فینلەندا و سوید.
- سوپای ووشکانی و ڕۆکێتی ڕوسیای پەککخست.
- ٦٠٠ – ٧٠٠ هەزار گەنجی ڕوسی بۆ پشووی هەمیشەیی نارد (ڕایانکرد لەدەست خزمەتی زۆرەملێی سەربازی).
- بووە هۆی ئەوەی پابەندی چین و ئیران و کۆریای باکور بێت.

**زۆر سەرکەوتنی دیکەش !**

Project Shafafiyat

# دنیابینی ڕوسیا بۆ جیهان

- ڕوسیا هەردەم ئامانجی ئەوە بووە بچێتە ناو زلهێزانی جیهانەوە، واتا دابەشکردنی جیهان بەسەر ناوچەی هەژمون لەنێوان چەند زلهێزێکی گەورە و وەک ئەوەی وڵاتانی دیکە بوونیان نەبێت.
- ئوکراینا ئێستا ڕووبەڕووی هەمان ئەو ئاڵنگارییە و ئیمپریالە بێ ویژدانە دەبێتەوە کە پێشتر هەریەک لە عێراق و پۆڵەندا ڕووبەڕووی ببوونەوە.

Project Shafafiyat

# لوتبەرزی قۆناغێکی پێش ڕووخانە

ڕوسیایەک کە لوتبەرزی و شۆڤینیزم ئاڕاستەیان دەکرد، ددانەکان و دەست و قاچی شکاوە، بە ئەستەم دەتوانێت لەسەر پای خۆی بوەستێت بەرانبەر وڵاتێک کە پێی وابوو ڕووخاوە .مێژووی بۆ جارێکی تر نیشانی دەدات، کە لوتبەرزی قۆناغێکی پێش ڕووخانە .

Project Shafafiyat



# مشروع الشفافية

**پرۆژەی شەفافیەت**

**شەفاف/شەفافیەت** (ئاشکرایی) – **پڕۆژەیەکی پەروەردەییە،** کە ئامانجی بونیادنانی بەرگریە لە بەرانبەر پڕوپاگەندە و هەواڵی نادروستی ولاتانی بێگانە لە عێراق و کوردستان.

**ئەرکی ئێمە**

یەکێک لە ئەرکەکانمان بریتیە لە هەڵسەنگاندنی ئاساییشی ژینگەی زانیاری لە عێراق و کوردستان. یەکێک لە ئەرکەکانی پڕۆژەی شەفافیەت بریتیە لە نیشاندانی نیاز و چالاکییەکانی ڕوسیای فیدڕاڵ و کۆماری بیلاڕوس بە خەڵک، کە لە وڵاتانی باشور ئەنجامی دەدەن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتی عێراق و هەرێمی کوردستان.

- ✓ **WWW:** https://shafafiyat.com/
- ✓ **TELEGRAM:** https://t.me/shafafiyat_int
- ✓ **FB:** https://www.facebook.com/shafafiyat/
- ✓ **X:** https://twitter.com/ProjectShaffaf

Project Shafafiyat

# Project Shafafiyat

**Public task financed by the Ministry of Foreign Affairs of the Republic of Poland within the grant competition "Public Diplomacy 2023"**

**The opinions expressed in this publication are those of the authors and do not reflect the views of the official positions of the Ministry of Foreign Affairs of the Republic of Poland.**

Ministry of Foreign Affairs
Republic of Poland